Asylum Support Partnership
help and advice

Kurdish (Sorani) March 2010

# داواکاری بۆ یارمەتی کاش بەتەنها:
# ژیان لەگەڵ خێزان یان هاوڕێیان

ئەگەر ئێستاکە لە فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA) هەم سەرپەنا و هەم یارمەتی کاش وەردەگرن و بە مەبەستن کە سەرپەنای خۆتان بەجێبهێڵن و لەگەڵ خێزان یان هاوڕێیان (برادەران) بژین، دەبێت پێش ئەم کارە UKBA لە بابەتەکە ئاگادار بکەنەوە. ئەگەر ئێستاکە لە سەرپەنای سەرەتایی دابینکراو لەلایەن UKBA وە نیشتەجێن، دەبێت پێشکەشکاری سەرپەنای خۆیشتان لەو بابەتە ئاگادار بکەنەوە. جێبەجێ نەکردنی کارێکی لەو بابەتە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕاوەستانی یارمەتی کاش لەلایەن UKBA وە.

ئەم نامیلکەیە ئەو بابەتانەی خوارەوە شرۆڤە دەکات:

- کاریگەری گواستنەوەی ئێوە لەسەر ئەو یارمەتی داراییەی کە لە UKBA وەریدەگرن
- ئەو بابەتانەی کە دەبێت پێش گواستنەوە لەبەرچاوی بگرن
- چۆنیەتی داواکردنی مۆڵەت لە UKBA بۆ ژیان لەگەڵ ئەندامانی خێزان یان هاوڕێیان
- ئەو بەڵگانەی کە پێویستن لەگەڵ داواکارییەکەی ئێوە پێشکەش بکرێن
- ئێمە چۆ دەتوانین یارمەتیتان بدەین

## داخوا ژیان لەگەڵ هاوڕێیان یان خێزان کاریگەری دەبێت لەسەر پشتگیری کاش کە من ئێستا لە UKBA وەریدەگرم ؟

تکایە ئاگاداربن کە UKBA بۆ نیشتەجێ بوون یان پسوڵەکانی نێوماڵی خێزان یان هاوڕێیانی ئێوە هیچ پارەیەک سەرف ناکات. کەواتە، هاوڕێیان یان ئەندامانی خێزانی ئێوە نابێت چاوەڕوانی ئەوەیان هەبێت کە ئێوە پارەی کرێ بدەن یان لە پێدانی پارەی پسوڵەکانی ئەواندا بەشدار بن.

## ئەگەر هاوڕێیان یان ئەندامانی خێزان لە ناوچەیەکی تری بەریتانیادا بژین، داخوا ئیمکانی گواستنەوەی من بۆ ئەوێ هەیە؟

بەڵێ، دەتوانن داواکاری گواستنەوەی خۆتان بۆ شوێنی ژیانی هاوڕێیان یان ئەندامانی خێزان کە نیشتەجێی شوێنێکی ترن، پێشکەش بکەن. هەرچەندە، ئەگەر بە مەبەستی ژیان لەگەڵ کەسێکی دانیشتووی شار یان ناوچەیەکی تری بەریتانیا بن، دۆسیەی پەنابەری ئێوە دەبێت بگوێزرێتەوە و بۆ ناوچەیەکی ترو لەوێ ئیمزا بکەن.

**ئەگەر لە ناوچەیەکی بەریتانیا دەژین کە بۆ گواستنەوە لەوێ پێویستیتان بە وەرگرتنی مۆڵەت لە UKBA هەیە، پێش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لەوان مافی گواستنەوەتان نییە، گواستنەوە بە بێ مۆڵەت و ڕێگەپێدان دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر داواکاری پەنابەری ئێوە.**

**ئەگەر لەسەر پێویست بوونی وەرگرتنی مۆڵەتی نووسراوەیی بۆ گواستنەوە لە UKBA دڵنیا نین، لە نزیکترین ئاژەنسی کۆچبەریی ئامۆژگاری وەربگرن.**



Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT no: 936 519 988

## دەبێت چ بابەتگەلێکی تر پێش گواستنەوە لەبەرچاو بگرم؟

- **بەشی 55 (Section 55) (یاسایەک کە دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی پێشکەش کردنی یارمەتی لە باری داراییەوە بە UKBA دەبەخشێت)**

ئەگەر زۆرتر لە سێ ڕۆژ (72 کاتژمێر) پاش هاتەناو بەریتانیا داواکاری پەنابەریتان پێشکەش کردووە و بتانەوێت کە یارمەتی کاش وەرگرن، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئامادەبوونی ئێوە بۆ جێبەجێ کردنی دیمانەی بەشی 55 لەگەڵ UKBA پێویست بێت.

لەم دیمانەدا، UKBA ئەو بابەتانەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت:

- داخوا ئێوە لە زووترین کاتدا بۆ پێشکەش کردنی داواکاری پەنابەری دەست بەکار بوون
- داخوا ئەوان هۆی هاتنەناوی ئێوە قبووڵ دەکەن
- داخوا ئەگەر پێشکەش کردنی یارمەتی لەلایەن UKBA ەوە ڕەت بکرێتەوە، ئێوە بەرەورووی ئاکاری نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێکردن دەبنەوە

ئەگەر UKBA بەو ئاکامە بگات کە داواکاری پەنابەری ئێوە لە ماوەی ماقووڵدا پێشکەش نەکراوە (لە زووترین کاتێکدا کە قبووڵ دەکرێت)، ڕەنگە ئەوان پێشکەش کردنی هەرجۆرە یارمەتییەکی کاش بۆ ئێوە ڕەت بکەنەوە، ئیمکانی پێداچوونەوە لەسەر ئەم بڕیارە نییە بەڵام دەتوانن داواکاری خۆتان بۆ چاولێکردنەوە پێشکەش بکەن.

- **کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاریی یاسایی**

ئەگەر بۆ ناوچەیەکی تری بەریتانیا بگوێزنەوە، نوێنەری یاسایی ئێستاکەی ئێوە ڕەنگە پێتان ڕابگەیەنێت کە ناتوانێت نوێنەرایەتی ئێوە بە ئەستۆ بگرێت.

سیستەمی یاسایی سکۆتلەند لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی بەریتانیا جیاوازە. ئەگەر دۆسیەکەی ئێوە لە ژێر پیاچوونەوەی دادگەری (Judicial Review) بێت، یان لە دادگای باڵای مەدەنی سکۆتلەند ( Court of Session in Scotland) لە قۆناغی پێداچوونەوەدا بێت، بە جەختەوە ڕێنماییتان دەکەین کە پێش پێشکەش کردنی داواکاری بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەکانی تری بەریتانیا، لەسەر بژاردەکانی خۆتان لەگەڵ نوێنەری یاسایی خۆتان قسە بکەن.

- **تێچوونی سەفەر**

ئەگەر بڕیارتاندا کە بگوێزنەوە، UKBA ناتوانێت تێچوونی (خەرجییەکانی) سەفەری ئێوە بدات و دەبێت بۆخۆتان خەرجیی سەفەر لە ئەستۆ بگرن.

## ئەگەر پێش گواستنەوە وەرگرتنی مۆڵەت لە UKBA بۆ من پێویستە، دەبێت چی بکەم؟

دەبێت داواکاریەکی نووسراوەیی کە ئێوە واژۆتان کردبێت، پێشکەشی UKBA بکەن. هەروەها دەبێت ئەو بەڵگە نووسراوانە پێشکەش بکەن کە پەسندی بکات هاوڕێیان یان ئەندامانی خێزانی ئێوە ڕێگە دەدەن کە ئێوە لەگەڵیان بژین.

ئەگەر هاوڕێیان یان ئەندامانی خێزانی ئێوە خاوەن موڵکی خۆیان بن، ئەوان دەبێت نامەیەک پێشکەش بکەن کە پیشان بدات ئەوان:

- خاوەن موڵکی خانووەکەن و دەیانەوێت کە ئێوە لەگەڵیان بژین
- چاوەڕوانی ئەوەیان نییە کە ئێوە تێچوونی پارەی کرێ یان پسوڵەکانی گاز، کارەبا و ئاو (ناسراو بە ئیمکاناتی ژین) بدەن، و
- بەتەنیا دەتوانن بۆ ئێوە سەرپەنا دابین بکەن و ناتوانن لە باری داراییەوە یارمەتی ترتان بدەن.

هەروەها ئەو بەڵگانەی خوارەوە دەبێت لەلایەن ئەوانەوە پێشکەش بکرێت:

- یەکێ لە دوایین پسوڵەکان (گاز، کارەبا، ئاو) کە ناوی ئەوان و ناونیشانی پێوەندیدار بە موڵکەکە تیایدا ئاماژەی پێکرابێت؛ و
- بەڵگەی سەلماندنی خاوەندارێتی خانوو، بۆ نموونە ڕاپۆرتی ڕەهن (مۆرگێچ).

ئەگەر هاوڕێیان یان خێزانەکە کرێچی بن، ئەوان دەبێت ئەو بەڵگانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- نامەی واژۆکراو (ئیمزاکراو) لەلایەن خاوەنماڵی ئەوانەوە کە تێیدا ژیانی ئێوە لەگەڵ برادەرەکەتان لە ماڵدا دیاری کرابێت، رەزایەتیش ڕاگەیندرابێت
- نامەی واژۆکراو لەلایەن هاوڕێکەی ئێوەوە کە تێیدا ڕەزامەندی دەربڕیبێت کە ئەو دەتوانێت ئێوە نیشتەجێ بکات و چاوەڕوانی ئەوەی نییە کە ئێوە خەرجیی پارەی کرێ بە ئەستۆ بگرن یان پسوڵەکان (گاز، کارەبا و ئاو) بدەن و
- دوایین پسوڵە کە ناوی ئەوان و ناونیشانی پێوەندیدار بە خانوەکە تێیدا ئاماژەی پێکرابێت.

## یارمەتیەکانی ئێمە چۆن پێشکەش دەکرێت؟

فەرمانگەکانی کۆچبەری دەتوانن بۆ پێشکەش کردنی داواکاری نووسراوە بۆ UKBA یارمەتی ئێوە بدەن. بەم نامەیە، مۆڵەتی گواستنەوە بۆ ماڵی هاوڕێیان یان خێزان داوا دەکرێت. دابینکاری ئێستاکەی خانووبەرەی پێوەندیدار بە UKBA، دەبێت بتوانێت کە شوێنی فەرمانگەی کۆچبەری خۆجێی بە ئێوە رابگەینێت. هەروەها دەتوانن لە ناونیشانی ماڵپەڕی نووسراو لە کۆتایی لاپەڕەی دواتردا کەڵک وەرگرن.

ئەگەر پێویستە کە تایبەتمەندی نوێی پەیوەندی کردن یان هەرجۆرە گۆڕانکارییەک لە هەلومەرجی خۆتان بە UKBA رابگەینن، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە نزیکترین فەرمانگەی کۆچبەریەوە .

## دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟

ئەگەر داواکاری گواستنەوە بۆ ماڵی خێزان یان هاوڕێیانتان پێشکەش کردووە، لێکدانەوەی داواکاری ئێوە لەلایەن UKBA ەوە ڕەنگە چەندین هەفتە بخایەنێت. UKBA بۆ ئاگادارکردنەوەی ئێوە لەسەر بڕیارەکەی خۆی، ڕاستەوخۆ نامەتان بۆ دەنووسێت.

ئەگەر بە تێپەڕینی چوار هەفتە هێشتاکو لەلایەن UKBA ەوە نامەتان بۆ نەنووسراوە، تکایە پەیوەندی بکەن بە یەکێ لە فەرمانگەکانی کۆچبەریەوە.

ئەگەر داواکاری بۆ گواستنەوەی ئێوە پەسند بکرێت، UKBA ڕاستەوخۆ نامەتان بۆ دەنووسێت و داواتان لێدەکات کە بە وردی بەرواری لەبەرچاو گیراو بۆ گواستنەوە بە UKBA رابگەینن. پاشان هەموو نامەکان بۆ ناونیشانی نوێی ئێوە دەنێردرێن.

ئەگەر پاش گواستنەوە دووچاری هەر کێشەیەک بوون سەبارەت بە پشتگیرییەکەتان، دەبێت پەیوەندی بکەن بە نزیکترین فەرمانگەی کۆچبەری لە ناونیشانی نوێتاندا نەک فەرمانگەی کۆچبەری شوێنی پێشووتان.